سەرکۆزیرانی هەرێمی کوردستان و حاکمی دووبەی کەبوونەو

سەرکۆزیرانی هەرێمی کوردستان و حاکمی دووبەی کەبوونەو. مەسرور بارزانی "سوپاسی پشتیوانیی بەردەوامی دەوڵەتی ئیماراتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد."

کەبوونەوەکە ئەمڕۆ چوارشەممە، 14-02-2024، لە دووبەی کرا. مەسرور بارزانی و شێخ محەممەد بن راشد ئال مەکتووم گفتوگۆیان لەبارەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئیمارات کرد.
لە کەبوونەوەکەدا شێخ حەمدان بن محەممەد بن راشد، جێنشینی دووبەی و مەکتووم بن محەممەد بن راشد، جێگری یەکەمی حاکمی دووبەی و ژمارەیەکی دیکە لە بەرپرسانی باڵای ئیمارات ئامادە بوون.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی "سوپاسی پشتیوانیی بەردەوامی دەوڵەتی ئیماراتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد."
وەکو لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، "شێخ محەممەد بن راشد، خۆشحاڵیی خۆی بە بەشداریی شاندی هەرێمی کوردستان لە لووتکەی جیهانیی حکومەتکان لە دووبەی نیشان دا و ئامادەیی وڵاتەکەی بە بڕەودان بە پەیوەندیی دووڵایەنە لە بواری جۆراوجۆرەکاندا دەربڕی."